# پرۆسەی بە دیموکراسیکردن[1]

Demokratiseringsprocessen

گۆڕانی سیستەمی سیاسیی لە دەستەڵاتی کەمینەوە (ئولیگارشی) بۆ دیموکراتی لە سکاندیناڤیادا لە کاتی جیاوازدا ڕووی دا و لە هەر وڵاتێکیشدا بە خێرایی جیاواز ئەو ڕێگایە پێورا. بەڵام شێوەگرتن و ڕەوتی ئەم پرۆسە سیاسیە بۆ هەر وەڵاتێك کەمێك جیاوازترە وەك لەوەی لە پرۆسە ئابووریەکەدا هەبوو [لەم پرۆسەیەیاندا]: نەرویژ یەکەم دێت، دانمارك پاش نەرویژ دێت و سوێدیش [هەروەك لە پرۆسە ئابووریەکەشدا وابوو] لە پاش ئەوان. ئەو گۆڕانکاریە سیاسییە لەسەر دوو ئاست ڕوویدا: لەلایەکەوە ڕێساگەلەکانی دەستوور سەبارەت بە مافی دەنگدان و شتی دیکە گۆڕدرا، و لەلایەکی دیکەوە دامەزراوەی پارتی مۆدێرن سەری هەڵدا. هەرچی سەبارەت بە بڕیارگەلی ناو دەستوورە لەمەڕ مافی دەنگدان و نوێنەرایەتیکردن ئەوا پرۆسەی بە دیموکراسیکردن هەر پێش ساڵی ١٨٧٠ دەستی پێکرابوو.

لەو پێوەندیەدا کە نەرویژ لە دەستەڵاتی پادشایەتی دانمارك ئازاد بوو، ساڵی ١٨١٤ بوو بە خاوەنی دەستووری خۆی کە بۆ ئەو کاتە لە ئوروپادا بە هەرە دیموکراسیترین دەستوور دادەنرێت. جووتیار، بورژوای خاوەن زەویوزار و مووچەخۆران مافی دەنگدانیان بۆ ئەو ئەنجوومەنە گەورەیە (پارلەمانە) وەرگرت کە تازە دامەزرابوو: پێکەوە ئەو مافی دەنگدانە نێزیکەی ٤٥٪ -ی هەموو ئەو پیاوانەی دەگرتەوە کە تەمەنیان لە سەروو ٢٥ ساڵەوە بوو. بەڵام بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا تا ماوەیەکی درێژ لە سەر ئاستێکی نزم مایەوە، شێوەی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ و داوا لەسەر خۆتۆمارکردنی هەڵبژێردەران دوو لەو هۆیانە بوون کە بەشداریکردنەکانیان لەسەر ئاستی نزم دەهێشتەوە. یەکێك لە هەرە خەسڵەتە دیموکراتیەکانی دەستووری نەرویژ ڕەنگە هەبوونی سیستەمی [پارلەمانی] یەك نهۆمیی بێت. هیچ باننهۆمیەکی ئاریستۆکراتیی دەستی وەرنەدایە دەستەڵاتی ئەو ئەنجوومەنەوە کە خەڵك هەڵیبژاردبوو. یەکێك لە خەسڵەتە تایبەتیەکانی نەرویژ ئەوەیە کە هەر لە ساڵی ١٨٢١ ـ ـەوە بەگزادەیی نەهێڵرا.

بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەی بەدیموکراسیکردنە لە نەروێژ، بە هۆی ئەو یەکێتیەوە کە لە ساڵانی ١٨١٤ – ١٩٠٥ لەگەڵ سوێددا هەیبوو، تا ڕادەیەکی باڵا ڕەنگی خەباتی سەربەخۆیی نەتەوەیی گرتبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکێتیەکە [نێوان سوێد و نەروێژ] تەنها بە مانای دەستەڵاتێکی پادشایی هاوبەش و ڕابەرایەتی سوێد بوو لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام بۆ نەروێژ مافی خۆبەڕێوەبردنی سیاسەتێکی ناوخۆیی فرە گەورەتری هەبوو وەك لەوەی کە لە پێوەندی پێکەوەبووندا لەگەڵ دانمارك هەیبوو. لە نەروێژ خەبات بۆ دیموکراتیەکی تەواو لەسەروو هەموو شتێکەوە ئاراستەیەکی دژ بە حوکمی پادشایی سوێدی هەڵگرتوو و بەو شێوەیە بوو بە خەباتێك بۆ خۆئازادکردن لە یەکێتیەکە. هەنگاوە بڕیاردەرە چارەنووسسازەکە ساڵی ١٨٨٤ هەڵگیرا، کە پادشا ئۆسکاری دوو ناچار کرا ڕاوێژکارە نوروێژیەکانی خۆی وەدەرنێت و لەسەر کار لایان ببات و حوکمەتێکی پارتی بانگەواز بکات کە متمانەی زۆرینەی پارلەمانی هەبوو. بەو شێوەیە نەروێژ بوو بە خاوەنی سیستەمێکی حوکمەتی پارلەمانیی، ١٧ ساڵ پێش دانمارك و ٣٣ ساڵیش پێش سوێد. سەرکەوتنی پارلەمێنتاریزم ڕیفۆرمێکی مافی دەنگدانی بە دوادا هات و بە شێوەیەکی سەرەکیی بریتی بوو لە مافی دەنگدانی گشتیی بۆ پیاوان ساڵی ١٨٩٨. ساڵی ١٩١٣ مافی دەنگدان زیاتر بەرفراوان کرا وا کە ئیتر ئافرەتانیش بگرێتەوە. واتا دیموکراتی سیاسیی [لە نەروێژ] ساڵی ١٩١٣ تەواو وەئەنجام گەیەندرا.

پەیدابوونی دامەزراوەی پارتی مۆدێرن لە نەروێژ دەگەڕێتەوە بۆ خەبات لە پێناوی پارلەمێنتاریزم لە سەرەتای ساڵانی ١٨٨٠. جووتیاران و گرووپگەلی ڕادیکال لە شارەکان لە پارتی لیبراڵی ڤێنسترە Venstre دا کۆبوونەوە، کە ساڵی ١٨٨٤ دەستەڵاتی حوکمەتی گرتە دەست. لایەنە بەرگریکارە (ڕەقابەتکارە) کۆنسەرڤاتیڤەکان (بەپارێزەکان) پارتی هوێرە Hõire ـ یان دامەزراند، ئەم پارتیەش هەروەکو ڤێنسترە Venstre هەر لە سەرەتاوە بوو بە خاوەنی ڕێکخراوێکی پارتی سەرانسەریی. چەند ساڵێك دوای ئەوە (١٨٨٧) پارتی کرێکاران (ئاربایدەپارتیەت Arbeiderpartiet) دامەزێنرا و لەسەر ڕێکخستن و سازماندانی ئەو چینە کرێکارەی کە تا دەهات زیاتر دەبوو دەستی کرد بە کێبڕکێ لەگەڵ پارتی ڤێنسترە Venstre. بەڵام ئەم دوو پارتە هەردووکیان لەوەبەر هەر لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٠٠ کاندا پێشڕەوی خۆیان لە شێوەی بزووتنەوەی جەماوەریی گەلییدا هەبوو کە ڕەگی لە ناو گوند و دەرشارەکانیشدا هەبوو: "هاوڕێیانی جووتیاران Bondevänerna" لە ساڵانی ١٨٦٠ و ١٨٧٠ کاندا و بزووتنەوەی ترانە Thranerörelsen لە ساڵانی ١٨٤٨ – ١٨٥٢ دا. ئەم بزووتنەوەیەی دواییان لە کاتی هەرە بەهێزیدا خاوەنی زیاتر لە ٢٠٠٠٠ (بیست هەزار) ئەندام بوو؛ زۆرینەی ئەوانە کشتوکاڵکار و

---

[1] Skandinavisk arbetarrörelse, Schmidts Boktryckeri AB, Helsingborg 1980, Nils Elvander. S. 28

کرێکاری خانووەچکە بوون. پرۆگرامی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر دیموکراتی بوو وەك لەوەی سۆسیالیست بێت، بەڵام هێندە ڕادیکاڵ بوو کە دەستەڵاتەکانی حوکمەت بە هەڕەشەی سزای زیندانیکردن دژ بە ترانە Thrane و سەرۆکەکانی دیکە دەستیان تێوەردا. ئەمە دواهەمین جار بوو کە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەلیی لە نەروێژ بە زەبرێك کە یاسا پشتیوانی بێت لە ئاستێکی بەرفراواندا لێی بدرێت. لەو کاتەوە کە دەستەڵاتی ئاینی و ڕەسمی کۆنی "ناسیاسی" لە ساڵی ١٨٨٤ دا ڕووخا، پرینسیپەکانی دیموکراسی هەرگیزاوهەرگیز بە جیددی نەخراوەتە ژێر پرسیار.
زۆر جار دەگوترێت کە نەروێژ خاوەنی نەریتێکی درێژتر و بەهێزتری دیموکراسیە وەك لە وڵاتانی دەراوسێی. پێشکەوتنی دەستوور و سەرهەڵدانی بزووتنەوەگەلی جەماوەریی دیموکراسیی لەو زووانەدا تا ڕادەیەك ئەم پێداگرتنە دەسەلمێنێت. بەڵام ئەوەی بەر لە هەر شتێك کە نەروێژ لە سوێد و لە دانمارك جیا دەکاتەوە پێوەندی گرژبوونە لە نێوان ناوەند centrum و کەنار periferi دا، واتە ئەو بەینە ئابووریی – کۆمەڵایەتیی و کولتورییەی کە لە نێوان چینی سەرەوەی پایەختنشین و دانیشتووانی "قەراخنشین" دا هەبوو کە لە بەشی خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوای وڵاتدا بە کەشاوەرزی بچووك و ڕاوەماسیەوە خەریك بوون. دروست بە هۆی تەواو جوگرافیەوە ناڕەزایی کەنار دژ بە ناوەند کە لە زۆر شێوەدا خۆی دەنواند لەوانە لە بزووتنەوەی دەورووبەری گوند و لە بزووتنەوەی بەهێزی ناکڵێسایی و بزووتنەوەی مەی نەنۆشییدا – ئەمە فاکتەرێکی گرینگی سیاسیی بوو، کە بە دەگمەن هاوشێوەی لە سوێددا هەیە و لە دانمارك لەوەش کەمتریش. کێشەی ناوەند – کەنار ڕۆڵێکی فرە گرینگی لە مێژووی ئاربایدەرپارتیەت [پارتی کرێکارانی سۆسیالدیموکرات] دا هەبووە؛ ئەمە هەمیشە هۆیەکە کە بچینەوە سەری.

وڵاتی دانمارك ساڵی ١٩٤٩ هەنگاوێکی گەورەی لە دەستەڵاتی پادشاییەوە بەرەو دیموکراتی لیبراڵیی نا. پارلەمانێکی دوو نهۆمیی دامەزرێنرا، بە مافی دەنگدانەوە بە هەردوو نهۆمەکە بۆ هەموو پیاوانێك کە لە سەروو تەمەنی ٣٠ ساڵی بن، بێ ئەو پیاوانەی کە نۆکەر بوون یان مووچەی هەژارانەیان وەردەگرت؛ بەم شێوەیە لە ٧٣٪ ـی پیاوان کە لەسەروو تەمەنی ٣٠ ساڵی بوون مافی دەنگدانیان وەرگرت. لەسەر کاخەز دانمارك هەرە دیموکراسیترین سیستەمی هەڵبژاردنی هەبوو، بەڵام خەسڵەتی دیموکراسیی ماوەیەکی درێژ لەو ڕووەوە بەرسنوور کرا کە دەنگدان بە ئاشکرا بوو، بێ هیچ نهێنی هەڵبژاردن. بەرسنوورکردنێکی جیددیتر دژ بە دیموکراسیی لە ساڵانی ١٨٦٠ دا بوو لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کێشە بەدبەختئامێزەی دانمارك لەگەڵ ئەڵمان لەسەر سلێشڤیگ Slesvig. دەستوورێکی بنچینەیی نوێ لە ساڵی ١٨٦٦ دا خرایە کار، و لەو ڕێگایەوە دەنگدان بۆ نهۆمی سەرووی پارلەمان، ئەنجوومەنی وڵاتLandstinget، زۆر بە توندیی بەرسنوور کرا: یەکێك لەو شێوانەی ئەم کارەی پێ کرا ئەوە بوو کە بەشێك لە پیاوانی ئەنجوومەنی وڵات Landstinget لە لایەن پادشاوە بۆ درێژایی تەمەنیان لەو جێیە دانران. لەو ڕێگایەوە کە مافی دەنگدان بە نهۆمی دووهەم، ئەنجوومەنی گەل Folktinget، بێ هیچ دەستتێوەردانێك وازی لێهێنرا، هاوکات کە ڕێگا بە دۆزینەوەی ڕێساگەل بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان نهۆمەکان درا، ئەوا گۆڕەپان بۆ ململانێیەکی دەستەڵاتی دەستووریی لە نێوان چەپ و ڕاستدا خۆش بوو. دەستەڵاتی پادشایی و ئاغایی (پیاوانی پادشا) لە ئەنجوومەنی وڵات Landstinget دژ بە دەستەڵاتی گەل لە ئەنجوومەنی گەل Folktinget دا لە خەباتێکی سەختی دەستووریدا وێستان، کە لە سەرەتای ١٨٧٠ ـ وە تا ساڵی ١٩٠١ دا درێژەی کێشا. ئەو ساڵە شەڕەکە (ململانێکە) بە سەرکەوتنی پارلەمێنتاریزم کۆتایی هات؛ پادشا دەستبەرداری ئەو داوایەی بوو کە خۆی بە دەستی خۆی وەزیرەکان دابنێت و حوکمەتێکی چەپی قبوڵ کرد کە زۆربایەتی ئەنجوومەنی گەل Folktinget ـ ی لە پشت بوو.
خەبات لە پێناوی پارلەمێنتاریزم لە دانمارك زووتر دەستی پێکرد و زۆر درەنگتر کۆتایی پێهات وەك لە نەروێژ. خەباتەکە هەروەها سەختتر و تاڵتریش بوو، ئەویش لەبەر گەلێك هۆ لەوانە لەبەرئەوەی شەڕی نێوان نهۆمەکان هەروەها پرسی هێزی بەرگریی وڵاتیشی گرتبووەوە. ساڵانی ١٨٨٥ – ١٨٩٤ حوکمەتی بەپارێزەری (کۆنسەرڤاتیڤی) ئێستروپ Estrup هەموو دەستەڵاتی یاسادانان و دارایی خستبووە دەست خۆی، ئەویش بە یارمەتی یاسای کاتیی بە بێ ئەوەی پارلەمان لەسەریان ڕەزامەند بێت. لە ناو ئەم سەردەمەدا ئازادی دەربڕینی بیروڕا بەرسنوور کرا، و دەستەڵاتی پۆلیس و دادگا دژ بەوانەی وا بیریان نە دەکردەوە خرایە کار. لە قووڵایی خۆیدا مەسەلەکە ململانێیەکی دەستەڵاتی ئابووریی – کۆمەڵایەتیی و کولتوریی بوو لە نێوان خاوەن زەویوزارەکان و پیاوانی دەوڵەت لەلایەك و چینی جووتیاران لەلایەکی دیکەوە. هەروەکوو نەروێژ لێرەش ئەمە بووە مایەی دامەزراندنی پارتگەلی مۆدێرن، بەڵام ١٠ (دە) ساڵ پێشتر ڕوویدا. پارتی جووتیاری لیبراڵ، ڤێنسترە Venstreساڵی ١٨٧٠ وەك پارتێکی پارلەمانی دامەزرا و پارتی هوێرە Hõire ـش ماوەیەك دوای ئەو. لەگەڵ ئەوەشدا کە پارتی ڤێنسترە Venstre هەروەکوو نەروێژ لەوەبەر پێشڕەوی خۆی لە "بزووتنەوەی دۆستانی جووتیاران" ـ ی ڕێکخراودا هەبوو (هەر لە ساڵانی ١٨٤٠ کانەوە)، هەتا

ساڵی ١٩٢٠ ـ ی خایاند تا پارتەکە بتوانێت ببێت بە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری. بەو شێوەیە باڵی ڕاست بوو کە یەکەم جار بە ڕێکخراوەیەکی تەواو سەرتاسەریەوە (١٨٨٣) گەیشتە جێ. هۆیرە Hõire هەر پارتێك نەبوو بە تەنها بۆ ئەوانەی خاوەن زەویوزار و مووچەخۆری حوکمەت بوون، بەڵکو هەروەها کۆمەڵی گەورەی خەڵکی لە کرێکار و کرێکاری کاریدەستی لە شارەکان لە ساڵانی ١٨٧٠ کان و ١٨٨٠ کاندا کۆکردەوە. سۆسیالدیموکراتیش هەروەها لە ساڵانی ١٨٧٠ کاندا وەدەرکەوت، بەڵام ئەو کاتە - کە لە کۆپلەی داهاتوودا نیشانی دەدەین – زەحمەتی گەورەی هەبوو بۆ خۆ بەیانکردن و خۆ فەرزکردن. ئەوە بوو کە پارتی سۆسیالدیموکراتی ساڵی ١٨٧٨ وەك ڕێکخراوەیەکی ناسەقامگیری سەرانسەریی دووبارە خۆی ڕێکخستەوە، لەسەر بناخەی سەندیکاکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ٦ (شەش) ساڵی تری خایاند تا یەکەم نوێنەرایەتی خۆی لە ئەنجوومەنی گەل Folktinget دا وەدەستکەوت. لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی ئەوەش بگوترێت کە پارتی ڕادیکالا ڤێنسترە Radikala Venstre لە ساڵی ١٩٠٥ دا لە پارتی چەپی Vänsterpartiet کۆن هاتە دەر. ئەم پارتە کە بۆ کەشاوەرزکاری بچووك و ڕادیکالی ناو شارەکان بوو هەر زوو بە زوو ڕێکخراوەیەکی سەرناسەریی دروست کرد. ئەم پارتە ڕۆڵێکی کلیلی لە سیاسەتی دانمارکیدا وەدەست کەوت، لەبەر هەندێك هۆ، لەوانە بە هۆی هاوکاریی درێژخایانیەوە لەگەڵ سۆسیالدیموکراتیدا.
ئەو گۆڕانە سیستەمیە کە بە ناوی سەرکەوتنی پارلەمانتاریزم ناوزەند بوو بەو مانایە نەبوو کە ئیتر ئەوە دوا سەرکەوتن بێت بۆ دیموکراسی. لە دۆخی فرە دژوارتردا وەك لەوەی نەروێژ هەیبوو هەنگاوە دوایینیەکان نرا. پاش گفتوگۆی درێژخایان لە نێوان پارتەکاندا ساڵی ١٩١٥ ڕیفۆرمێکی دەستووریی خرایە کار کە بەو مانایە هات مافی دەنگدانی گشتیی بە پیاوان و ئافرەتان بدرێت و ئەنجوومەنی وڵاتLandstinget بە دیموکراتی بکرێت. لەو کاتەوە دیموکراسی لە دانمارك قابیلی بێنەوبەرە نەبوو. هەوڵی پادشا لە ساڵی ١٩٢٠ دا بۆ ئەوەی پرینسیپی پارلەمانی وەلانێت – کە پێی دەگوترێت قەیرانی جێژنی پاك (پۆسك کریسن Påskkrisen) – لە لایەن پارتە چەپەکانەوە ڕەت کرایەوە و هەر دەماودەم ژێرکەوت.

ڕێگای سوێد بەرەو دیموکراسیی شایانباسانە درێژتر بوو وەك لە ئی وڵاتانی دەراوسێ. هەڵبەت دەستەڵاتی یەکلایەنەی پادشایەتی گوستاڤیانە لە ڕێگای دەستووری ساڵی ١٨٠٩ دا هەڵوەشێنرا، بەڵام هەرگیز نەهاتە سەر ئەو باسەی کە شتێك لە دەستەڵاتی پارلەمانی ساڵانی ١٧٠٠ کان پیادە بکرێتەوە، و ئەو پارلەمانە چوارینەیەی Fyrståndsriksdagen چاخی ناوەڕاست وەك خۆی، بە هەندێك دەستکاریی بچووکەوە، هەتا ساڵی ١٨٦٦ هێڵرایەوە. مرۆڤ دەتوانێت گۆتوبێژ لەسەر ئەوە بکات کە ئاخۆ شێوەی حوکمەتی ساڵی ١٨٠٩ یان نەزمی پارلەمانی ساڵی ١٨٦٦ بوو کە نێزیکترین دۆخە کە هاوئاستی یەکەمین هەنگاوە گەورەکانی وڵاتی نەروێژ بێت بەرەو دیموکراسی لە ساڵی ١٨١٤ دا و لە دانمارکیش ساڵی ١٨٤٩. بەڵام ئاشکرایە کە مافی دەنگدان بەو پارلەمانە نوێیە دوو نهۆمییە ساڵی ١٨٦٦ کەمتر بەرفراوان بوو لە چاو ڕیفۆرمەکانی نەروێژ و دانمارك. مەرجگەلی داهات و سامانداریی مافی دەنگدانی بۆ پیاوانی سەروو ٢١ ساڵەیی بە نهۆمی دووهەمی پارلەمان بە نێزیکەی ٢٥٪ دا بەرسنوورکرد. یەکەم نهۆمی پارلەمان - هەروەکوو لاندستینگێت بە پێی دەستووری بنچینەیی ساڵی ١٨٦٦ ـ ی دانمارك – بوو بە "نهۆمێکی پیاوان" کە ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرا، لەوێدا خاوەن زەویوزار، مووچەخۆرانی دەوڵەت و خاوەن شیرکەتی گەورە جێگایان دەگرت. ئەمە بە زۆریی لەبەر ئەوە نەبوو کە مافی دەنگدان بە بنکەهەرەوەزیە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکان بەرسنوور بوو – ماف لێرە بە ڕاستیی زۆر بەرفراوانتر بوو وەك لەوەی لە دووهەم نهۆمدا هەبوو کە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرا – بەڵکو بە پلەی یەکەم سەرئەنجامی ئەو مافی دەنگدانە شارەوانییە بوو کە بە پێی خاوەندارێتی سامانداریی بە پلە هەڵدەکشا. بەڵام نهۆمی دووهەم وای لێهات کەوتە دەست جووتیارە خاوەن زەویوزارەکان.
سیاسەتی ناوخۆی سوێد لە کۆتایی ساڵی ١٨٦٠ ـ ەکانەوە تاوەکو کۆتایی ئەو سەدەیە پڕ بوو لە ململانێی هەردوو نهۆمەکەی پارلەمان، کە هەروەکوو لە دانمارکیش وابوو، بە هۆی ئەو خەباتە چینایەتیە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەوە کە لە نێوان "ئاغاکان" و جووتیارەکاندا هەبوو. بەڵام جیاواز لە دانمارك، لە سوێد شەڕەکە بە پلەی یەکەم لەسەر پرسی وابەستە بە دەستوور نەبوو سەبارەت بە پارلەمێنتاریزم و مافی دەنگدان – ئەمانە تەنها پاش کۆتایی سەدە لە سوێد بوون بە پرسیاری ناوەندی – بەڵکو لەسەر پرسگەلی ئابووریی بوو سەبارەت بە هێزی بەرگریی، باج و گومرگ. ئەم ناکۆکی و خەتەجیاوازانە بوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی کاریان دەکردە سەر جۆری شێوەگرتنی پارتەکان لە پارلەماندا. نهۆمی دووهەمی پارلەمان لە کۆتایی ساڵی ١٨٦٠ ـ ەوە لەلایەن پارتی لانتمانا (لانتماناپارتیەت Lantmannapartiet) وە دەستی بەسەردا گیرا کە داوای لابردنی باری دانی باج و بەشداربوون لە بەرگریدا لەسەر شانی چینی جووتیار دەکرد. لە نهۆمی یەکەمدا خەتێکی زۆربایەتی سەقانگیری کۆنسەرڤاتیڤ (بەپارێز) و گرووپگەلی کەمینەی مۆدێراتلیبرال (بورژوالیبراڵ)

هەبوو. لە کۆتایی ساڵانی ١٨٨٠ کاندا پارلەمان و ڕای گشتیی لەسەر پرسی گەورەی گومرگ بوون بە دوو بەشی ڕاست و چەپەوە. دۆستانی گومرگی کۆنسەرڤاتیف و ئەو لیبراڵانەی لەگەڵ بازرگانیی ئازاددا بوون پێکەوە یەکەمین ڕێکخستنەکانی هەڵبژاردنی سەرانسەرییان لە بەری ڕاستدا دامەزراند. بەڵام زۆری خایاند تاوەکو پارتە پارلەمانیە بورژواکان بتوانن ڕێکخراوی سەرانسەریی خۆیان وەدەست بهێنن: لیبراڵەکان ساڵی ١٩٠٢ و ڕاستەکانیش ساڵی ١٩٠٤. سۆسیالدیموکراتەکان یەکەمین لایەن بوون کە ڕێکخراوی سەرانسەریی دابمەزرێنن (١٨٨٩) و ئەویش هەروەکو ئی وڵاتانی دەراوسێ لەسەر بزووتنەوەی سەندیکایی بناخەی داکوتابوو. بەڵام هەتا ساڵی ١٨٩٧ ـ ی خایاند تا ژێلمار برانتینگ Hjalmar Branting وەکوو یەکەمین سۆسیالدیموکراتێك لە پارلەماندا جێی گرت. یەك دانە پارتی دیکەش پێش ساڵی ١٩٢٠ دامەزرێنرا، ئەویش کۆمەڵەی جووتیاران (بوندەفوێربوندت Bondeförbundet) بوو کە لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا سەری هەڵدا.

دەبینین دامەزراوەیەکی پارتی مۆدێرن لەو مانایەدا کە لەسەر ڕێکخراوەی سەرانسەریی بناخەی داڕشتبێت لە چاو نەرویژ و دانمارکدا ئەوا لە سوێد هەر زۆر درەنگ کەوت. ئەمە بێگومان لەبەر ئەو دواکەوتنانە بوو کە هەم لە بواری ئابووری و هەم لە بواری سیاسی دەستوورییدا سوێد تێی کەوتبوو. پرسەکانی دەستوور، هەروەك کەمێك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد، تەنها لە نێزیکەی کۆتایی سەدەدا بە جیددیەوە هێنرانە ناو ڕۆژەڤەوە - ئەویش لەلایەن لیبرال و سۆسیالدیموکراتەکانەوە. ئەم دواکەوتنە بە پلەیەکی باڵا بە هۆی ئەو گیرکردنە بوو کە لە پرسەکانی هێزی بەرگری و یەکێتیەکە [یەکێتی لەگەڵ نەرویژ] سوێدی تێ کەوتبوو. کێشەی یەکێتیەکە لە سوێد بووە مایەی ڕێگاگرتن لە ڕیفۆرم لە سیاسەتی ناوخۆدا، بەڵام هەمان کێشە لە نەرویژ [بە پێچەوانەوە] کاریگەریەکی بزووێنەری هەبوو لەسەر پێشکەوتن بەرەو دیموکراسی. بەڵام پاشان کە مەسەلەی هێزی بەرگری بەو شێوەیە چارەسەر کرا کە خزمەتی سەربازیکردنی گشتی ساڵی ١٩٠١ بسەپێنرێت و یەکێتیەکەش [لەگەڵ نەرویژ] ساڵی ١٩٠٥ هەڵوەشینرایەوە، ئەو دژبەرەکیە و بەرگریە کە بەرامبەر ڕیفۆرمی مافی دەنگدان هەبوو نەما. حوکمەتێکی ڕاست یەکەم ڕیفۆرمی لە ساڵی ١٩٠٩ دا خستە کار: بە شێوەیەکی سەرەکیی مافی دەنگدانی گشتیی بە نهۆمی دووهەمی پارلەمان بۆ پیاوان، جۆرێك لە بەدیموکراسیکردنی نهۆمی یەکەمی پارلەمان لە ڕێگای بەرسنووورکردنی ئەو پلەداریەوە کە بۆ دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکان هەبوو، و هەروەهاش خستنەکاری شێوەیەکی بەرانبەر بۆ هەڵبژاردن لە هەردوو نهۆمەکەدا. وا دەردەکەوت کە پارلەمێنتاریزم لەسەر ڕیگایەك بێت کە هەم لەلای پادشا و هەم لەلای بەری ڕاستیشەوە لە پێوەندی هاتنە سەرکاری حوکمەتی لیبراڵدا ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩١١ بسەلمێندرێت. بەڵام ئەوی پێی دەگوترا قەیرانی بۆریگۆرد (بۆریگۆردس کریسن Borggårdskrisen) لە بەهاری ساڵی ١٩١٤ دا بوو بە هۆی دووبارەگەڕانەوە؛ وەزیری لیبراڵ، ستاف Staaff، لەبەر دەستتێوردانی پادشا لە مەسەلەی بەهێزترکردنی هێزی بەرگیری دەستی لە کار کێشایەوە، و حوکمەتێکی بەپارێز (کۆنسەرڤاتیف) لە پیاوانی پادشا دامەزرێندرا. پاشان ئەم حوکمەتە لە بەهاری ساڵی ١٩١٧ دا لەلایەن پارلەمانەوە ڕووخێندرا و پارتە چەپەکان – بە پارتێکی نوێوە کە چەپی سۆسیالیست بوو – لە هەڵبژاردنی پارلەمان لە پایزی هەمان ساڵدا چەند سەرکەوتنێکیان وەدەست هێنا، و لیبراڵەکان و سۆسیالدیموکراتەکان حوکمەتێکی هاوبەشیان بە ڕابەرایەتی لیبراڵەکان دامەزراند، کە دوو وەزیری ئێدێن – برانتینگ Edén-Branting بوون. کەواتە پارلەمێنتاریزم ساڵی ١٩١٧ سەرکەوت. پایزی ساڵی دوای ئەو حوکمەتی چەپ توانی پادشا و نهۆمی یەکەمی پارلەمان بخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دوا پرۆسەی بەدیموکراسیکردن پەسەند بکەن کە ساڵی ١٩٢١ برەوی پەیدا کرد: [واتا] مافی دەنگدانی گشتیی بۆ ئافرەتان و لابردنی ئەو پلەداریەی کە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا هەبوو.

خاڵە سەرەکیەکانی پرۆسەی بە دیموکراسیکردن لەم تابلۆیەی خوارەوەدا نیشان دراوە کە هەروەها هەندێك ژمارەزانیاری لەسەر گەشەی سۆسیالدیموکراتیی لە سیستەمی سیاسی ئەو سێ دەوڵەتەی تێدایە.

| رووداو/ کات | دانمارك | نەروێژ | سوێد |
|---|---|---|---|
| بە شێوەیەکی سەرەکیی مافی دەنگدانی گشتی بۆ پیاوان | ١٨٤٩ | ١٨٩٨ | ١٩٠٩ |
| مافی دەنگدانی گشتی بۆ پیاوان و ئافرەتان | ١٩١٥ | ١٩١٣ | ١٩٢٠ |
| بە دیموکراسیکردنی نهۆمی دووهەمی پارلەمان | ١٩١٥ | - | ١٩٢٠ |
| پارلەمێنتاریزم | ١٩٠١ | ١٨٨٤ | ١٩١٧ |
| پارتگەلی سۆسیالدیموکراتی دادەمەزرێندرێن | ١٨٧٨ | ١٨٨٧ | ١٨٨٩ |
| یەکەم هەڵبژاردنی پارلەمان کە کاندیدی س.د. تێدا بێت | ١٨٧٩ | ١٨٩٤ | ١٨٩٠ |
| یەکەم هەڵبژاردنی پارلەمان کە تیایدا کاندیدی س.د. بۆ پەرلەمان | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەڵدەبژێردرێت | ١٨٨٤ | ١٩٠٣ | ١٨٩٦ |
| یەکەم دامەزراندنی حوکمەت کە س.د. بەشداری تێدا بکات | ١٩١٦ | | ١٩١٧ |

وەکوو چاوەڕووان دەکرێت پارتی سۆسیالدیموکراتی دانمارك یەکەمە لە پرینی "لەمپەرەکانی" بەردەمدا بەرەو سیستەمی سیاسیی؛ بەو شێوەیە کۆنترین پارتی سیاسیی سرووشتیانە یەکەم دەبێت لە نوێنەرایەتیکردن لە پارلەمان و حوکمەتدا. بە لەبەرچاوگرتنی زوو سەرهەڵدانی پرۆسەی بەدیموکراسیکردن لە نەروێژ کەمێك جێی سەرسوورمانە کە پارتی سۆسیالدیموکراتی نەرویژیی درەنگتر لە پارتی سۆسیالدیموکراتی سوێدیی لەو لەمپەرانە ڕزگاری دەبێت. ئەو کارە تا ساڵی ١٩٢٨ ـ ی خایاند تاوەکوو ئاربایدەرپارتیەت [پارتی کرێکاران/ پارتی سۆسیالدیموکراتی نەروێژیی] توانی لە دەستەڵاتی حوکمەتدا جێی خۆی بگرێت. هەروەکوو تۆزێکی دیکە دەیبینین لە سەرەتای ساڵانی ١٩٠٠ کاندا لە نەروێژ هەندێك فاکتەری سیاسی هەبوون کە ئاربایدەرپارتیان لە کەنارخست و ڕادیکالیان[2] کرد و بەو شێوەیە گەشەی کامڵبوونیان لە ناو سیستەمە سیاسیەکەدا دواخست. بەڵام با جارێ لە هێزی سیاسیی سۆسیالدیموکراتیی، واتا لە ڕێژەی دەنگوەرگرتنی، لەو سێ وڵاتەدا بڕوانین (دیاگرامی II:I).

زوو دەستبەکاربوونی سۆسیالدیموکراتیی دانمارکیی و زۆرکردنی دەنگهێنان لە ڕەوتێکی یەکساندا زوو بەرچاو دەکەوێت. دوو پارتەکەی تر لە سەرەتای سەدەی نوێدا دەگەنە ئاستی لەسەددا پێنج (٪٠٥)، واتە دوو دەیە پاش پارتی سۆسیالدیموکراتی دانمارك، بەڵام پاشان زۆر لەو خێراتر دەچنە پێش. کە (ساپ SAP[3]، پارتی کرێکارانی سوێد [کە بە سۆسیالدیموکراتەرنا، واتا سۆسیلدیموکراتەکان، ناسراوە]) بۆ یەکەم جار هەتا لە ساڵی ١٩٠٢ دا دەردەکەوێت لەبەرئەوەیە کە لە یەکەم هەڵبژاردندا لەگەڵ لیبراڵەکاندا بەشداری هەڵبژاردنەکەی کرد، لەبەرئەوەش جیاکردنەوەی ڕێژەی وەرگرتنی دەنگ لەم کاتەدا زەحمەتە.

دیاگرامی (II:I) ڕێژەی سۆسیالدیموکراتی لە وەرگرتنی دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمان ساڵانی ١٨٨٤ – ١٩١٨.




[2] وشەی "ڕادیکال" لێرەدا لە ڕوانگەی پرووابوون بە ڕێژەیی (ڕێلاتیڤیزم) نرخگەلی سیاسیەوە مانایەکی نێگەتێڤی هەیە نەك پۆزەتیڤ. لێرەدا بە مانای زۆرتر سوورکردنی سۆسیالدیموکراتی دێت بەرەو ڕووی چەپێکی سوننەتی کە دیارە نێگەتیڤە. بەڵام لە شوێنی دیکەدا دەشێت وشەی "ڕادیکال" بارگەیەکی سیاسیی تەواو پۆزەتیڤی هەبێت.

[3] (ساپSAP، Sveriges socialdemokratiska arbetarparti پارتی کرێکاری سۆسیالدیموکراتی سوێد، کە بە *سۆسیالدیموکراتەرنا*، واتا سۆسیالدیموکراتەکان، ناسراوە)

سەرچاوە:
Källa: Stein Kuhmle, Political and socio-economic conditions for the early development of social policy legislation – a comparison of Danmark, Norway and Sweden. (1976, otryckt) s 27.

ساڵی ١٩١٤ دوو جار هەڵبژاردنی نهۆمی دووی پارلەمان لە سوێد کرا – هەڵبژرادنێکی زێدە لە بەهاردا لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی بۆریگۆرد (بۆریگۆردس کریسن Borggårdskrisen) و یەکێکی ئاسایی لە پاییزدا – و لە هەڵبژاردنەکەی پاییزدا ساپ (ساپ SAP، پارتی کرێکارانی سۆید، سۆسیالدیموکراتەکان) ڕیژەی هەردوو پارتی دەستەخوشکی تێپەڕاند بە وەرگرتنی دەنگ (٣٦،٣٪). هاتنەخوارەوە بۆ ٣١،١٪ لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩١٧ دا لەبەرئەوە بوو کە ساپ ئەو ساڵە زەرەری لێکەوت؛ پارتێکی نوێی چەپی سۆسیالیستی توانی ٨،١٪ دەنگەکان بەرێت. بەو شێوەیە سۆسیالدیموکراتیی سوێد لە کۆتایی جەنگەکەدا، هەروەکوو سۆسیالدیموکراتی دانمارکیی و نەروێژیی، ئاوا لەسەر هەمان ئاستی دەنگهێنان مایەوە کە نێزکەی ٣٠٪ بوو.
هۆی سەرەکی ئەو جیاوازیانە لە هێزی سیاسییدا کە لێرەدا باسیان کرا بێگومان لەبەر هۆی پرۆسەی بەشارنشینکردن و بەدیموکراسیکردنە کە لەو سێ وڵاتانەدا ڕەوتی جیاوازیان هەبوو. پرۆسەی بەپیشەسازیکردن لە دانمارك کە هەم زوو دەستی پێکرد و کاوەخۆش بوو نێزیکەی بە تەواوی لە دەنگهێنانی سۆسیالدیموکراتیدا کە زوو و بە ڕەوتی یەکسان دەیهێنا ڕەنگی داوەتەوە. پرۆسەی درەنگهاتوو و بەڵام خێراڕەوتی نوێکردنەوەی ئابووری لە نەروێژ و بە تایبەتی لە سوێد بەرانبەر ڕەوتی درەنگگەیشتوو و بەڵام خێراڕەوتی سۆسیالدیموکراتیە لە هێنانی دەنگ لەم دوو وڵاتەدا. بۆ هەبوونی هێزی ئەم پارتیانە لە سەردەمی دواییدا بێگومان هەر ئەم پێوەندیە گشتیانە بە باری ئابووریەوە لە سەردەمی بناخەداناندا نیین کە بایەخیان هەبێت. بەڵکو خودی گەشەی ناوخۆی پارتەکان، پێوەندی ئەوان بە بزووتنەوەی سەندیکاییەوە و وابەستەیی ئەوان بە بارودۆخی سیاسیی دەوروبەریانەوە هەروەها فاکتەری گرینگن.

ڕێبوار ڕەشید
لە سوێدیەوە کردوویە بە کوردی
٢٠٠٧/٩/٤